ئا: دیار سالار

سینەما یەکێکە لەو شوێنانەی کە بەدرێژایی مێژووی مرۆڤایەتی و سەرجەم کۆمەڵگەکاندا گرنگی خۆی هەبووە، زۆرجار سینەما تەینا هۆکارێکی تەرفیهی بووە و هەندێك جار بۆتە ئامرازێکی گەیاندنی نۆرمی کەلتووری کۆمەڵایەتی پەیامە شارستانیەکان لە کۆمەڵگەیەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی تر نۆرمە کۆمەڵایەتیەکانی گواستۆتەوە،

# کردنەوەی سینەمای خێـ
# ڕۆشنبیر کـ

ئەوەی لێرەدا پێویستی بە سەرنجدانی هەموومانە ئەوەیە دەبێت بزانین کە سینەمای خێزانی یەکێکە لەگرنگترین پرۆگرامەکانی سینەما، چونکە هەرچەندە هۆڵی سینەما هەبێت، ئەگەر ئەو هۆڵە خێزانی نەبێت و بەشێوەیەکی مۆدێرن دانەڕێژرابێت، ناکرێت بەجێی سەرنجی هەمووان.

خاتوو ئارەزوو نامق وەك توێژەرێکی کۆمەڵایەتی ئاماژەی بەوەدا کە کردنەوەی هۆڵێکی سینەمای خێزانی لەشاری هەولێردا زۆر پێویستە، چونکە تائێستا هیچ جۆرە سینەمایەکی مۆدێرنمان نییە کەخێزانەکان بتوانن بچن وەك تەماتشاکەرێکی هەمیشەیی سەردانی بکەن، بێجگە لەوەش زۆرجار بەکردنەوەی هۆڵێکی سینەمایی مۆدێرن دەتوانین زۆر کێشە چارەسەر بکەین، بەتایبەتی ئەگەر بتوانین بەرهەمە ناوخۆییەکانمان لەو سینەمایەدا نمایش بکەین، بە مەرجێك ئەگەر بەرهەمە ناوخۆییەکان بۆ سوودی کۆمەڵگە بەکاربهێنرێن بۆ نموونە ئەگەر تەماشا بکەین زۆرجار دیاردەیەك کە زۆر ناپەسەندو نارێکە دەتوانین لەرێگەی فیلمێکی سینەماییەوە ئەو دیاردەیە بخەینە بەرچاوی هەموو تاکێك و کاریگەرە سلبییەکانی ئەو دیاردەیە بەشێوەیەکی جوان شیبکەینەوە بۆ هەموو تاکەکانی کۆمەڵگە، من وەك توێژەرێکی کۆمەڵایتی دەتوانم بڵێم ئەوەندەی فیلمێکی سینەمایی دەتوانێت بواری کۆمەڵایەتی بەرەوپێش ببات و کێشە کۆمەڵایەتیەکانمان بە هەموومان پیشان بدات، بەڵام نیو ئەوەندە وۆرك شۆپێك یان کۆڕێك ناتوانێت کاربکاتە سەر کۆمەڵگە، چونکە هەموو کەسێك ئارەزووی سەیرکردنی فیلمی سینەمایی دەکات، بەڵام هەموو کەسێك ئارەزووی خوێندنەوی رۆژنامەو گۆڤار و بەشداری کردن لە کۆڕ وسیمینارەکاندا ناکات، لەبەر ئەوە من دەڵێم سینەما دەتوانێت بەشی هەرە زۆری کێشە کۆمەڵایەتیەکانمان چارەسەر بکات، ئەمە بێجگە لەوەی بەکردنەوەی هۆڵی سینەمایی خێزانی بەشێوەیەکی رێکوپێك و مۆدێرن کە هەموو خێزانەکان و هەردوو رەگەز بەبێ جیاوازی بتوانن رووی تێبەکەن، جۆرە هاوبەندیەکی کۆمەڵایەتی دروست دەکات و جۆرە هاوبەشیەك لەنێوان نەریت و کەلتووری جیاوازی خێزانەکاندا دروست دەکات، خێزانەکان دەتوانن لەوێ یەکتری ببینن و جۆرە نزیکبوونەوەیەك لەنێوانیاندا دروست بێت.

خاتوو لەیلا موحسین دەربارەی کردنەوەی سینەمایەکی خێزانی وای دەبینی کە کردنەوەی سینەمای خێزانی بەشێوازێکی مۆدێرن بەس نییە، چونکە ئەوەی کە کێشەیە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا ئەوە گرنگ نییە کەخێزانەکان ناتوانن بچن بۆ سینەما لەبەر ئەوەی کە سینەماکان لەسەر شێوازێکی سەرەتایی دروستکراون و بیناکان و هۆڵەکانی کۆنن و بەکەڵکی بەکارهێنان نەماون، بەڵکو لەبەر ئەوەیە کە زۆربەی تاکی کورد بەشێوەکی کۆن بیردەکەنەوە و هەوڵدەدەن کە تەنیا ئەوشوێنانە بۆ رەگەزی نێر بێت و ئافرەتانی لێبێبەش بکەن، واتا ئێمە دەبێت وەك ئافرەتان هەوڵبدەین کە تاکەکان ناچاربکەین واز لەبیرکردنەوەی کۆن و تەقلیدی بهێنن و هەوڵبدەین بۆئەوەی کە شتە نوێیەکان وەربگرن واز لە بیرکردنەوی نەریتی خێڵەکی بهێنن، ناوبراو لە درێژەی قسەکانیدا ئاماژەی بەوەدا کە کردنەوەی سینەمای خێزانی لەشارەکانی کوردستاندا هۆکارێك دەبێت بۆ زیندووکردنەوەی سینەمای کوردی و کە بەمەش هەنگاوێکی گەورەمان بڕی لە بەرێوەچوونی رەوشی کۆمەڵگەدا، چونکە بەهۆی سینەماوە دەتوانین هەموو کێشە کۆمەڵایەتیەکان پیشانی خەڵك بدەین و ئاگاداریان بکەینەوە دەربارەی قەیرانەکان کە هەڕەشەمان لێدەکەن، لەلایەکی تریشەوە سینەما دەبێتە هۆی بەهێز بوونی کەسایەتی تاکی هونەرمەندی کورد کە ئەمڕۆ زۆربەی هونەرمەندەکان هەست بەجۆرە نامۆبوونێك دەکەن، بێجگە لەوەی بەکردنەوەی سینەما لەهەر شارێك لەشارەکانی کوردستاندا دەبێتە هۆی ئەوەی پێشکەوتنی ئەو کۆمەڵگەیە بەجۆرێك ئەو سینەما خێزانییە دەبێتە هۆی ئەوەی کە هەموو خێزانەکان لەوێ یەکتری ببینن و جۆرە یەکتر ناسینێك لەنێوان تاکەکاندا دروست دەبێت کەسوودێکی زۆری دەبێت بۆ بەهێزکردنی لایەنی کۆمەڵایەتی و دەروونی خێزانەکان. من ئەوەندە دەتوانم بڵێم کە تاکەکان بتوانن بەهەموو شێوەیەك دەتوانن برەو بە کۆمەڵایەتی کردنی خۆیاندا بنێن و جۆرە پێوەندیەکی کۆمەڵایەتی بەهێز دروست دەبێت.

خاتوو هیماندا نۆڤیس کە وەك ئافرەتێکی لوبنانی ئێستا لەشاری هەولێر وەك بەڕێوەبەری کارگێڕی کۆمپانیایەکی گەشتوگوزار کار دەکات، ئاماژەی بەوەدا کە کردنەوەی سینەمای خێزانی لەشاری هەولێردا زۆر پێویستە، چونکە شاری هەولێر ئەمڕۆ پێگەکەیەکی ئابووری و ستراتیژی هەیە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەمە بێجگە لەوەی کە ساڵانە رێژەیەکی زۆر لە گەشتیارەکان روو لەم شارە دەکەن، ئەوەی کەمن زۆر بە گرنگی دەزانم ئاماژەی پێبدەم ئەوەیە کە سینەما وەك ئاوێنەیەك وەهایە بۆ هەموو کۆمەڵگەکان و بە جۆرێك زۆربەی ئەو کۆمەڵگە رۆژهەڵاتیانەی کە توانیان سەرکەوتن بە د ە ستبهێنن لە زۆر لەبوارەکانی ژیاندا و توانیان هەنگاوی بەرەو پێشچوونی خێرا بنێن لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە بەهۆی فیلمی سینەماییەوە بوو، چونکە ئەگەر ئێمە ورد بینەوە ناتوانین هەموو قەیران و کێشەکان وەك خۆیان ببینین، بەڵام ئەگەر فیلمێکی سینەمایی هەبێت، ئەوا دەتوانین سوودی زۆری لێببینین و سینەما وەك ئامرازێکی پەروەردەیی بەکار بهێنرێت و سوود بە تاکەکان بگەیەنێت، لەڕووی پەروەردەی خوود (الـزات) ئەمەش وەك ئەوەی کە بتوانین هەموو قەیران و کێشەکان لەیەك فیلمدا کۆبکەینەوەو چارەسەریشیان لەهەمان فیلمدا بۆ دابنێین، ئەگەر تەماشا بکەین سینەما دەتوانێت چەند ئامانجێك بپێکێت: یەکێك لەوانە لایەنی تەرفیهیە کە دەتوانێت لایەنێکی تەرفیهی بۆ کۆمەڵێك لە خێزانەکان دابین بکات. ئەوەی تریان لایەنی ئابوورییە کە بە کردنەوی هۆڵێکی سینەمایی دەتوانرێت خزمەتێکی باش بەکەرتی ئابووری بکات و ئەوەی تریان لایەنی کۆمەڵایەتی و پەروەردەییە.

ئەگەر ئێمە سەیربکەین کردنەوەی سینەمایەکی مۆدێرن لەکاتی ئێستا دا زۆر پێویستە، چونکە نەبوونی سینەمایەکی لەو جۆرە لەشارێکی وەك هەولێردا گەورەترین قەیران بۆ گەشتیاران دروستدەکات، من خۆم زۆرجار حەزدەکەم فیلمێکی کوردی ببینم، بەڵام چونکە سینەمایەکی مۆدێرنی خێزانی تائێستا لەهەولێردا نەکراوەتەوە، ناتوانم بیبینم. بۆیەو من دەڵێم کردنەوەی سینەما بۆتە پێویستیەك لەهەموو شتەکانی تر زیاتر دەبێت هەبێت، بێجگە لەوەی کە سینەمایەکی لەو جۆرە لەکوردستاندا هەبێت دەتوانێت لە رێگەیەوە کەلتووری نەتەوەکەمان بەدنیا بگەیەنین و هەوڵبدەین هەموو میللەتان بەهۆی سینەماوە لە کەلتوورەکەمان شارەزابن، چونکە سینەما باشترین ئامرازی گەیاندنی کەلتوورە لەنێوان کۆمەڵگەکاندا. ئەگەر تەماشا بکەین گەلی لوبنان توانی بەهۆی



ژمارە (٨٢٦) ■ ٢٠١١/٤/١٨

بێجگەلەوەی کە لەهەندێك کاتدا سینەما وەك ئامزازێك بەکارهاتووە بۆگەیاندنی پەیامە سیاسییەکان، بۆیە دەتوانین بڵێین بەدرێژایی مێژووی سینەما رۆڵێکی بەرچاوی هەبووە، ئەمە بێجگە لەوەی سینەما لەڕووی ئابوورییەوە لەزۆربەی کات و لەبەشێکی لە وڵاتەکانی جیهاندا وەك سەرچاوەیکی داهات بەکارهێنراوە.

# ـزانی تاچەند پویستە بۆ
# ـردنی کۆمەڵگە

سینەمایەکەوە کەلتووری کۆمەڵایەتیەکانی بەهەموو جیهان بگەیەنێت و کوردیش دەتوانێت هەمان پەیڕەو بەکاربهێنێت.

دواتر شەونم عەلی وەك ئافرەتێك و وەك توێژەرێکی دەروونی ئاماژەی بەوەدا سینەما جۆرە تەرفیهێکی زۆری هەیە کە جیاوازە لەهوو شتەکانی تر، راستە ئەمڕۆ لەهەموو ماڵێکدا تەلەفزیۆن و سەتەلایت هەیە، بەڵام نابێتە ئەوەی بە جۆرێك سوود لەتەرفیهی سینەما وەربگرین، چونکە سینەما جۆرە دڵخۆشییەك بەهەمووەمان دەبەخشێت کە هیچ ئامرازێکی تر ناتوانێت پێمان ببەخشێت، ناوبراو ئەوەی وت کە لەساڵانی پەنجاکان و شەستەکان و حەفتاکاندا لەهەموو شارەکانی عێراقدا سینەمایەکی خێزانی هەبووە بەجۆرێك هەموو کەسێك و هەموو خێزانەکان چوون سەردانی سینەمایان کردووە بۆ بەشداری کردن لەبینینی فیلمێکی نوێ، ئەمەش خۆی لەخۆیدا نیشانەی ئەوەیە کە سینەما لەکوردستاندا لەمێژوویەکی کۆندا هەبووە، بەڵام بەداخەوە ئێستا فەرامۆش کراوە. ناوبراو وای دەبینی کە دەتوانرێت لەرێگەی کردنەوەی سینەما گەورەترین کێشە کۆمەڵایەتییەکان چارەسەر بکرێن، لەبەر ئەوەی دەتوانرێت سینەما وەك ئامرازێکی پەروەردەییش بەکار بهێنرێت، ئەویش بە دارشتنی فیلمی کۆمەڵایەتی و پیشاندانی دیاردە نامۆ و ناپەسەندەکان بەبینەر. ئەمەش کارێکی زۆر گرنگە ئەگەر بتوانرێت جێبەجێ بکرێت، واتا ئەو دیاردانەی کە پەسەندن هانی خەڵکی بدرێت بۆ پەیرەوکردنیان و ئەو دیاردانەی کە نادروستن هەوڵی بنبڕکردنیان بدرێت. من ئەوەندە دەڵێم سینەما رۆڵێکی گرنگی هەیە لەچارەسەرکردنی کێشەکان دا، دەتوانرێت زۆربەی کێشە کۆمەڵایەتییەکان لەرێگەی فیلمی سینەماییەوە چارەسەر بکرێت، بۆنموونە دەتوانین لەرێگەی پیشاندانی فیلمە سینەماییەکانەوە هەموو کێشە کۆمەڵایەتەکان چارەسەر بکەین، کەبوونەتە ڕێگر لەپێشکەوتنی کۆمەڵگە ئەگەر تەماشا بکەین زۆر جار سینەما توانیویەتی رۆڵێکی سەرەکی ببینێ لەچارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتیەکاندا، بۆنموونە سینەمای میسری توانی زۆر کێشەی کۆمەڵایەتی چارەسەر بکات کە کۆمەڵگەکەیانی هەراسانکردبوو، ئێمەش دەتوانین سوود لەو ئەزموونەی ئەوان وەربگرین و هەمان رێگە بەکار بهێنین و کۆمەڵگەکەمان لەکێشەکان بپارێزین بە نیشاندانی دیاردە نەشیاو و خراپەکان لە فیلمە سینەماییەکاندا.

دەربارەی کردنەوەی سینەمایەکی مۆدێرن لەشاری هەولێردا بەڕێز دکتۆر کاوە مەحمود وەزیری رۆشنبیری هەرێمی کوردستان ئاماژەی بەوەدا کە ئەوان وەك حکومەتی هەرێم بەهاوکاری کەرتی تایبەت لەبەرنامەدا هەیە چەند هۆڵێکی سینەمایی مۆدێرن و تایبەت بەخێزان لەچەند شوێنێکی گشتی شاری هەولێردا دروست بکەن، بەمەش دەتوانرێت هەموو تاکێکی ناو ئەم کۆمەڵگەیەی ئێمە سوود لە و سینەما مۆدێرنانە وەربگرێت و سەردانیان بکات، کە ئەمەش لە هەرێمی کوردستاندا هەنگاوێکی گرنگ دەبێت لەبواری سینەمادا.

بەڕێز دکتۆر کاوە مەحمود دەربارەی بەرهەمهێنانی فیلمی سینەمایی لە ناوەوەی هەرێمی کوردستاندا وتی ئێمە وەك وەزارەت دەرگامان واڵایە بۆ هەموو دەرهێنەرەکان چ جۆرە سیناریۆیەك دەهێنن، کاتێك دەرهێنەرێك سیناریۆیەك پێشکەش بە وەزارەت دەکات لیژنەیەکی پیسپۆر لەڕووی زانستی بابەتی لە ناوەڕۆکی فیلمەکە دەکۆڵێتەوە بۆ ئەوەی بزانرێت تاکو چەند دەقەکەی دەتوانێت خزمەت بەبواری رۆشنبیری کەلتووری سینەمای کوردی بکات، ئایە تاچەند ئەو دەقە دەگونجێت لەگەڵ کۆمەڵگەی ئێمەدا. لەسەر ئەو بنەمایانە کار دەکرێت بۆ بەرهەمهێنانی فیلمەکان، واتا ئێمە پێشوەخت بڕیار نادەین کە ئایە پێویستە دەقەکە دەربارەی بابەتێکی کۆمەڵایەتی بێت یان دەربارەی بابەتێکی سیاسی بێت.

دەربارەی ئەوەی کە فیلمە سینەماییە کوردیەکان زیاتر بایەخ بە فیلمی سیاسی دەدەن لەبری فیلمە کومەلایەتیەکان بەریز دەرهێنەر فەرزین کەریم وەك پسپۆرێکی کورد لە بواری دەرهێنادا ووتی چەن هۆکارێك هەن وادەکەن کە فیلمی سینەمای کوردی زیاتر بابەتە سیاسیەکان بخاتە روو، رەنگە دیارترینیان لەوەدا بێت ئەو فیلمە کوردیانەی کە بەرهەم دەهێنرێن زیارتر بۆ فیستیڤاڵە جیهانیەکان ئامادەکراون، چونکە دەتوانن خزمەت بەبواری کێشەکەو دۆزی رەوای کورد بکەن، ئەمە بێجگە لەوەی کە تا ئێستا لەهەرێمی کوردستاندا کەرتی تایبەت سەرمایەی خۆی لەبواری سینەمادا نەخستۆتە گەڕ و کۆمپانیاکان فیلم بەرهەمناهێنن، تەنیا حکومەتی هەرێم هاوکارییەکی باشی بواری بەرهەمهێنانی ئەو فیلمانە دەکات بۆئەوەی بەسەرکەوتوویی بەرهەم بهێنرێن، لێرەدا حکومەت زیاتر بایەخ بەلایەنی سیاسی دەدات، بێجگە لەوەی کەسینەما ئامرازێکی گەیاندنی سیاسییە. لەبەر هۆکاری دووەمیسش رەنگە ئەوەبێت کە دەرهێنەر رۆلەی کۆمەڵگەیە دەیەوێت مخاتەبەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بکات، بۆنموونە ئەگەر دەرهێنەرێکی کورد فیلمێك لەسەر ئەنفال دەربهێنێت، دەرهێنەر ئەندامێکی ئەو کۆمەڵگەیەیە کەئەنفالکراوەو مافی خۆیەتی لەفیلمێکدا باسی بکات، بێجگە لەوەی کەدەرهێنەر دەتوانێت بەو فیلمە خزمەتێك پێشکەش بە کۆمەڵگەکەی بکات کە ئەنفالکراوە و ئەویش بەگەیاندنی دەنگی ئەو کۆمەڵگەیە بە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەریگەی ئەو فیلمەوە کەبەرهەمی دەهێنێت.

بەڕێز دەرهێنەر فەرزین کەریم وەك پسپۆرێکی کورد لەبواری دەرهێناندا دەربارەی کردنەوەی سینەمای خێزانی و کاریگەری لەسەر پێشکەوتنی فیلمی کوردی وتی: کردنەوەی هۆڵی سینەمای خێزانی کاریگەرییەکی گەورەی دەبێت لەسەر بەرەوپیشچوونی بواری بەرهەمێنانی سینەما لەکوردستاندا وەك ئەوەتا ئێستا نەخشەی بۆ دارێژراوە بە کردنەوەی چەند هۆڵێکی سینەمایی مۆدێرن لەشارەکانی کوردستاندا بەتایەبتی لەشاری هەولێر، چونکە وەك خۆمان دەزانین سینەما چەند نۆرمێکی کرنگی هەیە رەنگە گرنگرترینیان ئەوەبێت سینەما وەك ئامرازێکی تەرفیهی دەتوانرێت سوودی هەبێت بۆ کۆمەڵگە، واتا چۆن سینەما وەك ئامرازێکی پەیوەندی سیاسی دەتوانرێت بەکار بهێنرێت بەم شێوەیە دەتوانرێت وەك ئامرازێکی تەرفیهیش بەکاربهێنرێت، بێگومان ئەگەر هۆڵێکی سینەمایی مۆدێرن و جوان لەشارەکانی کوردسناتدا هەبێت، ئەوا هەموو کەسێك ئامادە دەبێت بچێت و سەردانی ئەو سینەمایە بکات، بێجگەلەوەی کەسینەما لەم کاتەشدا دەتوانێت بەرهەمە ناوخۆیەکان زیاتر پەرەپێبدەین، لەرێگەی سینەماوە کێشە کۆمەڵایەتیەکان زیاتر بخەینە بەردەم چارەسەرکردن و لەم کاتەدا سینەما دەتوانێت رۆڵی ئامرازێکی پەروەردە ببینێت.

## لەگوندێکی کۆیە..

# کچێکی تەمەن ١٧ساڵ دەخنکێنرێت تەرمەکەشی دەخرێتە ژێر خۆڵەوە

**لەگوندێکی سەر بەقەزای کۆیە کچێکی١٧ ساڵان دوای ئەوەی بەلەچکەکەیەوە خنکێندرا، دخرێت ژێر خۆڵەوە و لەرێگەی شوانێکەوە زانیاری دۆزینەوەی تەرمەکەو رووداوەکە ئاشکراکراوەو لەو ڕیپۆرتاژەدا بەگوێرەی ئەو زانیاریانەی گۆڤاری گوڵان لەسەرچاوە ئەمنییەکانی ئەو قەزایە دەستیخستوون ڕووداوەکە ئاشکراکراوە.**

بەهاری کۆیەو ناوچە دڵڕەفێنەکانی وێڕای ئەوەی ناوچەیەکی سەوزە بۆ گەشتیاران و چێژی تایبەتی هەیە، بەڵام ڕەنگی سەوزی ئەو بەهارە، ماتەی ڕەشی لە گوندی قەمبەری سەر بە ناحیەی سێگردکانی کۆیە پۆشی کاتێ لەشوێنێك بەناوی چۆمی شیوەشەلە لەسنووری ئەو گوندە تەرمی کچێکی ١٧ ساڵان دۆزرایەوەو بەخنکێنراوی خراوەتە ژێر گڵ.

ڕووداوێکی لەو جۆرە برینێك دێنێتەوە یادی هەموو کوردێك ئەویش ئەنفال و گۆڕەبەکۆمەڵەکانی کوردە کە لەلایەن ڕژێمی پێشووی عێراق دژی کورد ئەنجامدرا، بەڵام ڕووداوێکی لەو چەشنە کە کچێك بخنکێندرێت کارەساتێکە ئەگەر کەسوکاری دڵسۆزی ئەو کچە بەهەواڵی ڕفاندن و کوشتنێکی لەو جۆرەی کچەکەیان بزانن دەبێتە جێگەی کەساسی و شینێك کە چۆن فرمێسك وەك هەور لە چاوی شوانێکی تەمەن ١٧ ساڵان دەباری کاتێ تەرمی ئەو کچەی دۆزییەوە ئەوهاش هەموو کوردێك پێی نیگەران دەبێت.

سپێدە تینی خۆری بەرەبەیانی هەڵدەهێناو شوانێك بەدەم ڕێگەوە لە ناوچەی چۆمی شیوەشەلەی دەیڕوانی کە چۆن بەهار پێدەشتی کۆیەی تێرکردووەو سەوزایی ئەو ناوچەیی پۆشیوە. ئەو شوانە کەناوی سەرباز جاسم ئەنوەرەو دانیشتووی گوندی قەمبەری سەر بەناحیەی سێگردکانی قەزای کۆیە بوو، کاتژمێر ٨ ی بەیانی گەیشتە چۆمی شیوەشەلەو کاتێ لەناکاو سەیری ژێر قاچەکانی دەکات دەبینێت کە کچێك تەنیا پەرچەمی لە نێو خۆڵەوە دیارەو تەواوی جەستەی لەژێر خۆڵدا حەشاردراوە. بینینی ئەو دیمەنە نەوەك بۆ هاووڵاتیەکی سادە جەرگبڕە بۆ شوانێکی وەك جاسمیش کە بەردەوام لەنێو چیاو دەشتەکان ژیانی بەسەر بردووە مەترسیداربووەو شوانەکەی حەپەساندوە. دوای ئەوەی ئەو شوانە لەو تەرمە ورد دەبێتەوە بیر ی دەکەوێتەوە کە نابێ دەستکاری تەرمەکە بکات و واباشترە هەواڵی پۆلیس بدات، سەرباز لەو کاتەدا یەکڕاست هەواڵی پۆلیسی ناحیەی سێگردکانی دا کە تەرمی کچێك لە ژێر خۆڵدا نێژراوە بەڵام ئەو نایزانێت کە ئەو ڕووداوە چۆنەو بۆچی ئەو ژنە لەو شوێنە وای بەسەر هێنراوە. ئەو ڕووداوە وایکرد کە پۆلیسی ناحیەی سێگردکان بەدوای ئەو زانیاریە پەلکێشبکات و دوای ئەوەی گەیشتنە شوێنی ڕووداوەکەو دیمەنی تەرمەکەیان بینی یەکڕاست لەلایەن تیمێکی پسپۆڕ دەستکرا بە هێڵکاری ئەو شوێنە. لەکاتی لێکۆڵینەوەکە دەرکەوت کە تەرمەکە کچەو ماوەیەکی زۆر نییە لەو شوێنە نێژراوە. بەپێی زانیاری پۆلیسی سێگردکان تەرمی کچەکە بەدرێژی ١٠ سم خۆڵی بەسەر کرابوو، بەڵام سەروشانی تەرمەکە بەدەرەوە بووەو جەستەی دیکەی. لەلایەن دادوەری لێکۆڵینەوەی تەق تەق تەرمەکە ڕەوانەی پەیمانگەی پزیشکی هەولێر کراو هێڵکاری شوێنی ڕووداوەکەش کرا.

لەکاتی پشکنینی شوێنی ڕووداوەکە دەرکەوت لەدەوروبەری تەرمەکە دوو شوێن پێی پێڵاوی پیاوانی لێجێماوە کە شوێنی یەکەم پێڵاوێکی جۆری کالەیەو ئەوی تریان شوێنی پێڵاوێکی قایشی تورکی لوت درێژە. لە دەوروبەری تەرمەکە شوێنی دەست بەدیکراوەو بەپێی زانیاری هێڵکارییەکە پێدەچێت کۆکردنەوەی خۆڵی سەر تەرمەکە بووبێت. دواتر بە وردی خۆڵی سەر تەمەکەیان لاداوەو دەرکەوتووە کە تاوان لێکراوەکە بە لەچکی ملی خۆی خنکێندراوەو لەچکەکە لە ملی توند کراوە و گرێدراوە تا خنکاوەو لەگەڵ خنکاندنیشی خۆڵی بەسەر کراوە.

ڕەنگی لەچکەکە زەردو سپی بووەو دوای وەرگێڕانی تەرمەکە لەسەردەمەوە بۆ سەر پشت دەرکەوتووە کە تاوان لێکراوەکە ئافرەتێکی گەنج بووە. بەڵام ئەو دیمەنەی کە جێگەی سەرسوڕمان بوو کچە وەك ئەوەی چوبێتە ئاهەنگ وەها ڕازاندرابووەو مکیاژ کراو بوو کە بەپێی زانیاری هێڵکاریەکە پێدەچێت تەمەنی ئەو کچە ١٧ ساڵان بێت و زەبری دەرەکیش بەشێوەی سوور بوونەوە لەسەر ڕانی بەدیکراوە. تەرمەکە ماکسیەکی پەمەیی و ژێر ماکسیەکی زەردو تراکسودێکی ڕەش و سەوز و شۆرتێکی سووری لەبەر بووە. باڵای تەرمەکە مامناوەندی و لەڕووی قەڵەویشەوە مامناوەندی بووە. هەورەها ڕەنگی مووەکانی سەر دەموچاوی ڕەش بووەو ڕەنگی ڕوخساریشی گەنمی بووەو ڕەنگی چاوەکانیشی ڕەش بووە.



## سەرۆکی زانایانی ئایینی ئیسلام:
## ئیسلام هەرگیز لەگەڵ کوشتنی ئافرەت نییە هەتا ئەگەر لەسەر ئەخلاقیش بێت

تەرمەکە هیچ نەعل و پێڵاوێکی لەبەر نەبووەو تەنیا لە دووری ٤٠ م لەباکووری ڕۆژهەڵاتی تەرمەکە لەژێر خۆڵ تاکە نەعلێکی قایشی ڕەنگ شەکەری دۆزراوەتەوە کە پێدەچوو ئەو نەعلە کە قیاسی پێی کچەکە بوو هی پێی ئەو بووبێت. لەبارەی وادەی مانەوەی تەرمەکە لەو شوێنە بەپێی هێلکاری ڕووداوەکە کە تەرمەکە هیچ نەشێوابوو هەروەها بۆنیشی نەگرتبوو پێدەچێت بەرواری ڕووداوەکە زۆر نزیك بێت کە ئەو تەرمە ڕۆژێك لەو شوێنە بەو شێوەیە مابێتەوە. لەلایەن دادوەری لێکۆڵینەوەی تەق تەق بڕیاردرا تەرمەکە ڕەوانەی پەیمانگای پزیشکی دادوەری هەولێر بکرێت و تا ئێستا کەس نایزانێت کە کێ ئەو کچەی کوشتووە. بۆیە بەپێویستمان زانی بەدواداچوون لەسەرئەم کێشەیە بکەین ڕای چەند کەسانێك وەربگرین....

**سەرهەنگ موقەدەم شوکروڵڵا حەمەدەمین ئومەر بەڕێوەبەری بنکەی پۆلیسی کۆیە دەڵێت** «لەئێوارەی ڕۆژی ٢٠١١/٣/٢٩ئێمە ئاگادارکراینەوە کەوا تەرمی ئافرەتێکی نەناسراو لەگوندی قەمبەر سەربەناحیەی سێگردکان دۆزراوەتەوە.

دەست بەجێ تیمەکانی ئێمە چوون کەبینیان هەواڵەکە ڕاستە .ئەوتەرمە لەلایان شوانی ئەوگوندە دۆزاربووەوەو ڕاستەخۆ دەزگا ئەمنیەکانیان لێ ئاگادارکردبووەوە. کەبینیمان تەرمی ئافرەتێکە خنکێندراوە بەلەچکەکەی خۆی لەژێرخاك دانرابوو تا «١٠سم « خۆڵی بەسەرکرابوو لەگەڵ باو باران نیوەجەستەی لەدەرەوەبوو واتا خۆڵەکەی لەسەر نەمابوو شێوەی دەموچاوی تێك چوو بوو لەدەوروبەری تەرمەکە دوو شوێن پێی پێڵاوی پیاوانی لێجێماوە کە شوێنی یەکەم پێڵاوێکی جۆری کالەیەو ئەوی تریان شوێنی پێڵاوێکی قایشی تورکی لوتدرێژە.ئێمەش پشکنینمان لەسەرکردن و تەرمەکەمان ناردە پزیشکی دادەوری هەولێر بۆئەوەی پشکنینی لەسەر بکەن داوامان کردوە بچن وێنەی تەرمەکە بگرن بۆئەوەی بزانرێت کێیە . بەڵام تاکو ئێستا نازانین ئەو تەرمە هی کێیە ناشزانین ناوی چییە چونکە هیچ ناسنامەیەکی نییە. هەموو دەوروبەری شاری کۆیەمان گادارکردۆتەوەو کەس ناڵێت ئەو تەرمە هی منە.بۆیە نازانین لەسەر چی ئەوکچە خنکێندراوە بەردەوام لەلێکۆڵینەوەداین.بەردەوام پێوەندیمان بەپۆلیسی هەولێرو شوێنەکانی ترکردووە .بۆئەوەی سەرەداوێکمان دەست بکەوێت.

### ئیسلام بەهیچ شێوەیەک لەگەڵ کوشتنی ئافرەتدانییە

مەلا عبدوڵڵا مەلاسەعید گرتکی سەرۆکی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان دەڵێت «زیندەبەچاڵ کردن یەکێکە لەو نەریتانەی پێش ئیسلام هەبووە،ئیسلام بەهیچ شێوەیەك لەگەڵ زیندە بەچاڵ کردن دانییە جا نێر بێت یان مێ بێت. ئیسلام بۆ نەهێشتنی دیاردەی زیندەبەچاڵکردنی ئافرەت هەوڵیداوە بنبڕی بکات، یەکێك لە ئایەتەکانی قورئانی پیرۆزیش داکۆکی لەو حەقیقەتە دەکات دەفەرموێت (واذا الموؤدة سئلت بأي ذنب قتلت) واتا ئەگەر ئەو لاشەیە زیندە بەچاڵ کرا ڕۆژی قیامەت دەپرسێت دەڵێت من گوناحم چیی بوو زیندە بەچاڵ کرام . ئەو زیندە بەچاڵ کردنە پێش ئیسلام هەبوو لەلایان عەرەبەکانی ئەو سەردەم بەرامبەر کچەکانیان شەرم و شورەییان بەخۆبوو یەکێك کچێکی هەبێت. بەداخەوە ئێستا ئەو ڕەفتارە هەر ماوە بەرامبەر بەئافرەت جا بە هەر بیانویەك بێت بەشێوەیەکی دڕندانە دەیکوژن ئیسلام هیچ کاتێك لەگەڵ کوشتنی ئافرەت دانییە تەنانەت ئەگەر لەسەر مەسەلەی ناموس و ئەخلاقیشەوە بێت .ئەگەر مێردیشی هەبوو ئەوکات حوکمەکە دراوەتە دەست یاسا .

### بەهەموو شێوەیەک ئیدانەی توندوتیژی دەکەین

## سەرۆکی لیژنەی مافی مرۆڤ لە پەرلەمانی کورستان:
## هەندێك ئێستاش لە چاخی بەردین دەژین و ئافرەت زیندەبەچاڵ دەکەن و دەیکوژن

گەشەدارا جەلال سەرۆکی لیژنەی مافی ئافرەتان لەپەرلەمان دەڵێت « بەهەموو شێوەیەك ئێمە ئیدانەی توندوتیژی دەکەین هەروەها کار لەسەر ئەم کێشانە دەکەین بەڕاستی بەداخەوە کە کێشەیەکی بەم شێوەیە ڕوو دەدات ئەگەر بەهەر بیانوویەك بکوژرێت بەداخەوە لەکۆمەڵگای ئێمە زیاتر ئەوکەسانەی دەکوژرێن بەبیانووی ناموس دەکوژرێن ئێستا یاسایەك هەیە نابێت هیچ کەسێك بکوژرێت جا بەبیانوی هەرشتێك بێت.لەوە دەچێت خەڵکانێك هێشتا لە چاخە بەردینەکان بژین و کاری زیندەبەچاڵ بکەن و ئافرەت بکوژن ئێمە ئەوپەڕی ئیدانەی دەکەین لەڕێگای لیژنەکەمانەوە ئاگاداری سەرۆکایەتیمان کردووە. ئەوانیش ئاگاداری وەزارەتی دادو ئیدعای عامیان کردوە بۆ ئەوەی بەدواداچون لەسەر ئەم کێشانە بکەن .

## بەڕێوەبەری بنکەی پۆلیسی کۆیە:
## تائێستا هیچ کەسێك خۆی بە خاوەنی تەرمی ئەو کچە نەکردووە

### ڕێکخراو دامودەزگاکانی ئافرەتان کەموکورتیان زۆرە

(نەرمین نەجمەدین) عارف توێژەری کۆمەڵایەتی و مامۆستا لەکۆلێژی هونەرە جوانەکانی شاری کەرکوك وتی «من نازانم ئەم کچە لەسەر چی کوژراوە. بەڵام بەشێوەیەکی گشتی هەر ئافرەتێك هەر کێشەیەك بکات نابێت بکوژرێت .ئەویش مرۆڤە.پێویستە وەکو مرۆڤێك مامەڵەی لەگەڵ بکرێت نەوەك بڵێی ئافرەت زەعیفەیە و بێدەسەڵاتە. بۆکوشتنی ئافرەت یان لەناو بردنی ئافرەت ئەخلاق زۆر ڕۆڵ دەبینێت کاتێك لەنێو خێزانێك کێشەیەکی ئەخلاق هەبێت برایەکە یان باوکەکە بۆچارەسەرکردنی کێشەکە پەنادەباتە بەر کوشتنی ئافرەتەکە جا بەهەر شێوەیەك بێت کە ئەمەش زۆر هەڵەیە. وەك ئەم کێشەیەی کەباسی دەکەی زۆر پێدەچێت لەسەر کێشەی ئەخلاق بێت. لەشێوەیەی جلوبەرگەکەشی ئەو ئافرەتە پێدەچێت کچی ماڵەوە بێت چونکە ئافرەت بەگشتی تەنیا لەماڵەوە ئەم جۆرە جلانە دەپۆشێت گەر سەیر بکەی خەڵکی شار جلەکانی برێك جیاوازی هەیە لەگەڵ کچێك لەلادێ بژیت. خەڵکیشمان هەیە لەناو شارە کەجلی عەشایر دەپۆشێت . بەڵام نازانم کچی ئەم شوێنەیە کەتەرمەکەی لێدۆزراوەتەوە .

### چارەسەر بۆبنبرکردنی ئەم کێشانە

- پیاوانی ئایینی ئەم شوێنانە زۆر ڕۆڵ دەبینێت چونکە ئایینی ئیسلام هیچ کات لەگەڵ توندوتیژی نییە .پغەمبەر(د.خ) خۆی دەفەرموێت (النساء قوارير) واتا ئافرەت وەکو شووشە وایە .بۆیە مامۆستاکانی ئایینی دەتوانن لەمزگەوتەکان خەڵکەکە بەرەبەرە هێواربکەنەوە وایان لێبکەن کەهوشیارییان لادروست بێت
- بەداخەوە ئەو ڕێکخراوانەی کەبەناوی ئافرەتانەوە کاردەکەن نەیانتوانیوە ڕۆڵێکی بەرچاو ببینن تەنانەت لەنێو شاریشدا ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبا لەکارەکانیان وتەواوکەری کارەکانیان لەدەرەوەی شار ئەنجام بدابا بەداخەوە کەم وکورتیان زۆر هەیە چ لەشار چ لەلادێکان .
- هەروەها پێویستە حکومەت کەسە زیرەك و ڕۆشنبیر و پسپۆرەکان هان بدات بۆئەوەی ئاستی ڕۆشنبیری لەو شوێنانە بڵاوبکاتەوە بەتایبەت ئافرەتەکان فێربکرێن کەچۆن ئەخلاقی خۆی بپارێزێت نەك بۆکۆمەڵگا بۆخۆی زۆرپێویستە. چونکە ئافرەت زۆر گرینگەو نەوە دروست دەکات گەر ئافرەتەکە باش فێرنەکرێت ئەوە نەوەکانیشی باش نابێت .

# کۆمەڵگەی پیاوسالار چۆن لە جیاوازی نێوان ئافرەت وپیاو دەڕوانێت

بەهرە سدیق

لەزۆربەی کۆمەڵگەکاندا پیاو بەشـــی هەرە زۆری دەســـەڵات وەردەگرێ، کۆمەڵگـــەی کوردیش یەکێکە لەو کۆمەڵگەیانەی کە ئافرەت تێیدا زۆربەی مافەکانی خوراوە، ئافرەت گەیشتووە بەو ئاستەی کە نەتوانێ نهێنی ناو دڵی لای هەموو کەس باس بکات، تەنانەت هاوسەرەکەشـــی، بەهۆی ئەو ترسەی کە لەدڵی پەیدادەبێت وای لێکردووە پیاو وەك دڕنـــدە ببینێت، ئەمەش بناغەی خێزان هەڵدەوەشێنێتەوەو تووشی پەشۆکاوی و تێکچوونی دەروونییان دەکات.




**ئافرەتان دەڵێن:**
**«نهێنی بەندی تۆیە گەر درکاندت تۆ دەبیتە بەندی ئەو»**

### ئافرەتانیش نهێنیان هەیە، بەڵام حەشاری دەدەن لەبەر ئەوەی کۆمەڵگە لەسەرەتاوە وا لە پیاوان دەکات کە باوەڕیان بەخۆیان هەبێ و زاڵ بن

تاڤگە ڕەشید ٢٨ساڵ، نایشارێتەوەو بوێرانە دەڵێت «مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتیە بێ نهێنی نابێ، منیــش نهێنیم هەبووە، بەڵام بە هیچ شێوەیەك نەمتوانیوەو ناشتوانم ئەو شتەی لەناو دڵم هەیە بۆ هاوســەرەکەم باسی بکەم، قەت ئەوەی پێ ڕاست نییە کە من ڕۆژێك بیرم لە کەســێك کردبێتەوە جگە لە ئەو جا زانینی شتێکی وا لەوانەیە ببێتە هۆی جیابوونەوەمان، بەڵام هەر کەســێ پێویســتە خۆشەویســتی وەربگرێ و بشــێدات، هەروەهــا هەندێ جار چواردەورم بە ئاســانی ڕێگــەم پێ نادەن ئەو شــتە باس بکەم، لەبەر ئــەوە مەحاڵە نهێنی ژیانم بۆ هاوســەرم بدرکێنــم، چونکە دەزانم ناتوانێ ئەو باسە قبوڵ بکات، تەنانەت ناتوانم لەبەردەمیدا بیریشم بڕوات، قبوڵکردنی باسی وا دەگەڕێتەوە بۆ ئاستی ڕۆشنبیری پیاوەکە و بۆچوونی ئەو کەسە و ڕاددەی تێکەڵاوی نێوان هەردووکیان و تا چ ئاستێك لەیەك گەیشتوون، هۆکارێکی تریش کۆمەڵگەیە لەسەرەتاوە وا لە پیــاوان دەکات زیاتر بڕوایان بە خۆیان هەبێ و خۆیان دەسەڵاتی زاڵیان هەبێ».

### گوێگرتنی پیاوان لە ژنەکانیان بەستراوە بە ئاستی ڕۆشنبیریان

گولیزار ئەسعەد ٣٥ساڵ، ڕاستگۆیانە وتی «بەڵێ بەر لــە پێکهێنانی ژیانی هاوسەری پێوەندیم هەبوو لەگەڵ کوڕێك بۆماوەی ٧ســاڵ بــۆ دەقیقەیەکیش جیا نەدەبووینەوە لەیــەك، بەرادەیەك بەر لەوەی بچمــە قوتابخانە ئەبوایە یەکتــر ببینیــن هــەر کە قوتابخانە تەواو دەبوو ڕامان دەکرد بۆ لای یەك، کاتێ ویستمان ژیانی هاوسەری پێکبێنین، دایکی کوڕە بووە موی شەیتان وتی ناهێڵم ئەو کچــە بهێنی، کچی پورتم بۆ داناوی. دایکە بووە درکی مەم و زین، ئەم ڕووداوە هەتا ئێســتاش کاریگەری ماوە لەژیانم بەمەرگ خۆشەویســتەکەم لەیاد دەکــەم پــاش ژن هێنانی ئەو منیش ناچاربووم شــوو بکەم، بەڵام کە مێردەکەم گواســتمیەوە هەموو چیرۆکی خۆم بۆ باس کرد زۆر بەراشــکاوی و بوێرانە پێم وت من حــەز بەدرۆ ناکــەم هەر لەیەکەم ڕۆژیشەوە هیچت لێ ناشارمەوە وەك هاوڕێ دڵسۆز دەبــم لەگەڵت، کوڕێکم زۆر خۆش دەویســت بەدڵ و بەگیان بەنیاز بووین ژیانی هاوسەری پێك بێنین، بەڵام قیمەتی خودا بۆیەك نەبووین، هاوسەرەکەم زۆر بەدڵ فراوانیەوە لێی وەرگرتم بەم شــێوەیە نهێنی دڵم لای بــاس دەکەم ئەو کەسێکی ڕۆشــنبیرەو لە مەبەستی قسەکانی مــن تێدەگات و زۆر ڕێزم دەگری و بڕوام پێ دەکات، ئێســتاش خاوەنــی ٤مندالْم لەو پیاوە و پێویســتە ژنان ئەو مافــە بەخۆیان بدەن کە نهێنی لای پیاوان باس بکەن، چونکە هەموو مرۆڤێك ئەگەری هەڵە کردنی هەیە».



### زۆربەی جارەکان ژنان خۆیان هۆکارن بۆ بێ سیقەیی پیاوەکانیان

ژیان ســیامەند ٢٥ساڵ، وتی «هەرچەندە بەر لە هاوســەرگیری خۆشەویســتم نەبووە، کەهاوسەرەکەشم هەڵبژارد ئەوە سیقەی خۆی بــوو لام وای لێکردم ژیانی لەگەڵ دروســت بکــەم، ئەگەر هــەر نهێنیەکــم هەبوایە زۆر بوێرانــە لام باس دەکرد بێ ئەولاو ئەولا و زۆر بە ئاســایی، چونکە خــۆی وایکردووە بتوانم هەموو شــتێکی لا باس بکەم. ســیقەیەکی تەواوی پێــم داوە و گوێم بۆ ڕادەگرێ، بەڵام هەموو ژنێك ناتوانێ نهێنی لای مێردی باس بکات، ئەوەش بەپیاوەکە دەگۆڕێ، ترسی ژنان لەباســکردنی نهێنی لای پیاویان دوو لایەنی هەیە، یەکەمیــان: بیروڕای هەڵەی پیاوەکەیە بەرامبــەر خێزانی کە حەزنــاکات گوێی بۆ ڕابگرێ و توانای ئەوەی نییە و ڕۆشــنبیری بەو دەرەجەیــە نییە، دەرەنجــام دەبێتە هۆی جیابوونەوەیان. دووەمیان: لەوانەیە ژنەکە خۆی هەڵە بیر بکاتەوە کــەوا ڕێگە بەخۆی نەدات قســە لای مێردەکەی بکات، جاری وا هەیە هۆکاری سەرەکی ژنەکە خۆیەتی کە وادەکات بێ سیقەیی خۆی لای پیاوەکەی بچەسپێنێ، لەبــەر ئەوە هەرچەند هــەوڵ بدات بیگۆڕێ ناتوانــێ، بەڕای من ئەگەر ژن، ژن بێت پیاو دەکاتە پیاو».

بــە ڕای کۆمەڵناســان لەبــەر ئــەوەی کۆمەڵگــەی کــوردی کۆمەڵگەیەکی باوك ســالاریە، بۆیە هــەردەم ئافــرەت بەپلە دوو دێت. هەر لەبەر ئەمەش تووشــی ترس دەبێت و بــەردەوام وا هەســت دەکات کەســێك زاڵە بەســەریەوە، زۆربەی ئافرەتان واهەست دەکەن ژیان دارێکی بێبەرە بۆیان، بۆیە پێویستە دەست بەگۆڕانــکاری بکەین، ئــەو گۆڕانکاریەش سەرەتا لەکۆمەڵگەوە سەرهەڵبدات.

ڕەمزیــە عەبــدول وەهــاب توێــژەری کۆمەڵایەتــی، لەڕوانگــەی خۆیــەوە دەڵێت «ترس هەردەم هۆکارێکە بۆ تێك نەگەیشتن لە نێوان ژن و پیاو، پیاو هەردەم خۆی بە ســالار دەزانێت لەبەرامبــەر ڕەگەزی مێینە، چونکە لە کۆمەڵگەی ئێمە کەسایەتیەکەی لاوازترە، پێویســتە بەر لەهەموو شتێك مرۆڤ سالاری شوێنی باوك ســالاری بگرێتەوە و هەردوو لا بەچاوێکــی مرۆڤانە هەڵســوکەوت لەگەڵ یەکتر بکەن وەك و دوو مرۆڤ تا هاوسەنگی هەبێت لەنێوانیان پێویســتە ترس نەبێت لەنێوان ژن و مێرد، چونکە پرۆســەی هاوسەرگیری لاواز دەبێت. پێویستە خۆشەویستی و ڕێزگرتن و متمانەبەیــەك بــوون بناغەی پرۆســەی هاوسەرگیری بێت، لەبەر ئەوەی کۆمەڵگەی کوردی کۆمەڵگەیەکی باوك ســالاریە و پیاو هەردەم زاڵە بەســەر ژنی نــاو خێزانەکەی و ئافرەت بەردەوام بەپلە دوو دێت، هەر لەسەرەتاوە پیاو وا پەروەردە دەکرێ کەنابێ بترسێ و ترس بــۆ ئافرەتە بەمەش کەســایەتی لاواز دەبێت و متمانەی لا دروســت نابێــت، بەڵکو ترس بەســەریدا زاڵ دەبێت بەرامبەر بە ڕەگەزی نێر جا چ باوك بێت یــان پیاو یان برا، کەناتوانێ بەهیچ شــێوەیەك نهێنی بدرکێنی، دەترســێ لــەوەی بکوژرێت یان بەند بکــرێ لەماڵەوە، ئەوە لەلایەك لەلایەکی تریشەوە ئەو ئافرەتانەی کە خاوەن پیشــەیەك نین و بۆ ئابووری پشت بە پیاوەکانیان دەبەســتن، هەردەم لەوە دەترسن کە مەســرەفیان نەکەن، هۆکارێکی تر ئافرەت بەردەوام لەوە دەترسێ کەپیاوەکەی ژنی بەسەر بێنێــت، بەداخەوە زۆرجار پیاو هەربۆخۆشــی بەژنەکانیــان دەڵێــن ژن دەهێنم ئەمەش ڕك و کینە لەدڵی ئافرەت دروست دەکات و متمانەی بەپیاو نامێنێت، بەمەش ژیانیان وەك دۆزەخی لێ دێت و ســەرەتای کێشەو گرفت دەبێت لە نێوانیان وەك جیابوونەوە خیانەت کردن جۆرەها کێشەی تر».

### شاردنەوەی نهێنی لەترسی تەڵاق و دەست لەیەك بەردان بەدی دەکرێ، تەنانەت گۆڕینی ژمارەی مۆبایلیش

تریسکە عەبدوڵلا ٣٢ســاڵ، دەڵێت «ژنان ناوێرن نهێنیەکانیان بدرکێنن، ترســیان لەوەیە کە هاوســەرەکانیان بەهەڵە لێیــان تێبگەن و ببێتــە هۆی لێك ترازانی ژیانی هاوســەریان کە چەندین ســاڵە هەوڵ و کۆششی بۆ دەدەن، بەڵام هەندێ نهێنی هەیە کە پێویستە ژنان بۆ هاوســەرەکانیان باسی بکەن. بەمەش سادەیی خۆیان بۆهاوسەرەکانیان دەردەبڕن، بەڵام نهێنی هەیە وا دەکات غیرە بنێتەوە، کە ئەمەیان باس نەکرێ باشــترە، ئەو ئافرەتانــەی کە نهێنی دەشارنەوە ڕاســتگۆنین و پێموایە هەرچۆنێك بێت پێویستە قســە بکەن، بۆپیاوەکان هەموو شت بەراشکاوی باس دەکەن و ئەو شتانەی کە کردویانە دەڵێن، بەڵام ئافرەت ناتوانێ تەنانەت ژمارەی مۆبایلیشی بهێڵێتەوە و دوای شووکردن نەیگۆڕێ، ئەمەش زۆرباوە لەناوکۆمەڵگەی کوردیــدا دوای شــووکردن لەترســی زمانی هاوسەرەکانیان ژمارەکەیان دەگۆڕن».

دیار سالار



# بۆچی پیاوان پەنادەبەنە بەر پرۆسەی هاوسەرگیری بەشێوەیەکی نهێنی؟!

**پرۆسەی هاوسەرگیری یەکێکە لە گرنگترین و پیرۆزترین پرۆسە لەژیانی هەموو مرۆڤێکدا، بەجۆرێك زەواج تاکە ڕێگەیە بۆ دروستکردنی خێزان و بەردەوامبوونی ئادەمیزاد، بەڵام ئێستا زۆرێك لەپیاوان پەنا دەبەنە بەر پرۆسەی هاوسەرگیری بەشێوەیەکی نهێنی، کە ئەمەش وادەکات زوڵمێك لەژنی یەکەمیان بکەن. لەمبارەیەوە ڕاوبۆچوونی چەند کەسێکی شارەزامان وەرگرتووە.**

**سەرهتا شەیدا حوسێن کە یەکێکە لەو ئافرەتانەی کە مێردەکەی بەنهێنی ژنی بەسەر هێناوە، ئاماژە بەوە دەکات بەنیازە داوای یاسایی تۆماربکات لەسەر ئەو ژنەی کە بە نهێنی شووی بە بەمێردەکەی کردووە. شەیدا دەڵێت** «ماوەی دوانزە ساڵە شووم کردووە، هەرگیز هەستم بەوە نەدەکرد کە مێردەکەم بەدزی منەوە زەواج بکات، چونکە ژیانمان زۆر ڕێکوپێك بوو، تەنانەت کە بۆشم دەرکەوت ژنی هێناوە بەنهێنی زۆر بەلامەوە سەیربوو، چونکە هەڵسوکەوتی زۆر باشبوو لەگەڵ من و منداڵەکان تەنانەت بەر لە دوو مانگ من و هاوسەرەکەم و منداڵەکان بۆ گەشت سەردانی تورکیامان کرد.

**کاروان ناوێکی خوازراوە بۆ پیاوێك کە کەسێکی سەرمایەدارە دوو ژنی هەیەو ئێستا بەنهێنی ژنێکی تری هێناوە، وتی** من هەرگیز چاوەڕوانم نەدەکرد کە بۆ سێیەم جار ژن بهێنم، یەکەمیانم بەخۆشەویستی هێنا، بەڵام منداڵی نەبوو. دووەمیانم بۆ منداڵ هێنا، بەڵام سێیەمیان کە نهێنیە لەبەر ئەوە هێنام کەبارێکی تایبەتیم بۆدروست بوو، من کەخاوەنی کۆمپانیایەك بووم یەکێك لەو کچانەی کاری دەکرد لەلام کەوتە داوی دڵداری لە دەرەنجامدا کاری سێکسیمان کرد، بۆیە ناچاربووم بەنهێنی مارەی بکەم.

**لەیلا عەبدوڵڵا توێژەری کۆمەڵایەتی و چالاکوانی بواری مافەکانی ئافرەتان دەڵێت** «ئێستا پرۆسەی هاوسەرگیری بەشێوەی نهێنی لەشارەکانی هەرێمی کوردستاندا بەشێوەیەکی بەربڵاو هەستی پێنەکراوە، چونکە کۆمەڵگەی ئێمە بەشێوەیەکی سۆسیۆلۆژی ئەمجۆرە هاوسەرگیریە رەتدەکاتەوە بێجگەلەوەی کە ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە هیچ مافێك نادات بەژنەکە، ناتوانین بڵێین ئەم جۆرە هاوسەرگیریە لەئایینیدا ناگاتە کۆمەڵگەی ئێمە، بەڵام ئەوەی بەلای منەوە گرنگە ئەوەیە کە ئەم جۆرە هاوسەرگیریە ئێستا لە کوردستان دا بوونی نییە ئەگەر هەشبێت نەبۆتە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی».

ئەوانەی پرۆسەی هاوسەرگیری دووەم دەکەن بەشێوەیەکی نهێنی لەدەرەوەی دادگا ئەنجامی دەدەن

**حاکم عەبدولباست عەبدوڵڵا فەرهادی وتەبێژی فەرمی دادوەری وتی** «(زەواجی مسیار) ئێستا بەفەرمی لە یاسای باری کەسیدا هەموارکراو نییە، لەبەر ئەوە ئەو کەسانەی کەئەم جۆرە پرۆسە هاوسەرگیریە دەکەن نایەنە دادگا، بەڵکو لەدەرەوەی دادگاکان ئەنجامی دەدەن، لەبەر ئەم خاڵە ئێمە هیچ جۆرە زانیارییەکمان لەسەر ڕێژەی ئەوە کەسانە نییە کەئەم جۆرە هاوسەرگیریە ئەنجام دەدەن و ناتوانین بزانین ڕێژەی ئەو کەسانە چەندە، ئەمە بێجگەلەوەی کە یاسای باری کەسی

## ئیمام و خەتیبی مزگەوتی ڕەشاد موفتی: نابێت هاوسەرگیری مسیار شوێنی هاوسەرگیری ئاسایی بگرێتەوە

هەمواركراو بۆ فرەژنی لەهەرێمی كوردستاندا بەندوباری زۆری بۆ ژنی دووەم داناوە، لەبەر ئەوە بەهیچ شێوەیەك ئەو كەسانەی كەزەواجی دووەم ئەنجام دەدەن نایەنە دادگاكانی هەولێر، چونكە وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا زەواجی دووەم بەندوباری زۆری لەسەرەو بەشێوەیەكی ئەستەم جێبەجێدەبێت، لەبەر ئەوە دەستنیشانكردنی ڕێژەی ئەو كەسانەی لەهەرێمی كوردستاندا زەواجی نهێنی دەكەن، زۆر ئەستەمە.

**مامۆستا عومەر مەلاحەسەن مرۆ كە وەك زانایەكی ئایینی شارەزاو قوتابی دكتۆرا لەبواری زانستە ئیسلامیەكان و ئیمام و خەتیبی مزگەوتی ڕەشاد موفتی لەشاری هەولێر دەربارەی شیكردنەوەی پرۆسەی هاوسەرگیری بەنهێنی وتی** ((پرۆسەی هاوسەرگیری لە چەند ڕوانگەیەكەوە باس دەكەین، لایەنی ئایینی و لایەنی كۆمەڵایەتی، چونكە ئایین بایەخ بەكۆمەڵگە دەدات، بێگومان كۆمەڵگە لەتاكەكان بەهەردوو ڕەگەزی پیاو و ئافرەتەوە دروست دەبێت، ئەگەر تەماشا بكەین خودای گەورە كە ئادەمی لەبەهەشت دروستكرد حەواشی لەگەڵ دا دروستكرد واتە بۆ ئەوەی پێمان پیشان بدات كە بزانین چۆن نێر و مێ پێویستە پشت بەیەكتر ببەستن و ژیان بەتەنیا بەڕێوە ناچێت، واتا تاك دەبێت بۆ برەودان بەژیانی، پرۆسەی هاوسەرگیری ئەنجام بدات.

مسیاریش جۆرێكە لەجۆرەكانی زەواج و، ئەم ناوە لەكۆمەڵگەی ئێمەدا نوێیە، بەڵام لە كۆمەڵگەكانی وڵاتانی كەنداودا بەتایبەتی كۆمەڵگەی سعودی زۆر دەمێكە بوونی هەیە، ڕەنگە هەر ئەوانیش ئەم ناوەیان بۆ دانابێت. سەرەتا دەبێت بزانین لەچییەوە ئەم ناوە هاتووە. وشەی مسیار لە وشەی (سیر) واتە ڕۆیشتن هاتووە، یەكێك لە جیاوازییەكانی ئەم زەواجە لەگەڵ زەواجی ئاساییدا ئەوەیە كە بەردەوام نییە، واتە شوێنی نیشتەجێبوون (المبیت)ی تێدا نییە. واتە پیاوەكە بە بەردەوامی لای ژنەكەی خۆی نامێنێتەوە یان بەشەو دەچێت یان بەڕۆژ دەچێت، واتە لەماڵی باوكی ژنەكە دەبێت، بەڵام ئەم زەواجە لەڕووی ناوەڕۆكەوە كۆنەو تازە نییە تەنانەت لە (المغني لإبن قدامة) و هەندێك موسەنەفاتی تر بۆ نموونە (له مصنف إبن أبي شيبة) باسكراوە و زانایان ئەبوحەسەنی بەسری ئەم زەواجەیان ناو لێناوە (تەزویجی نەهاریات) واتە بەڕۆژ پیاوەكە هاموشۆی ژنەكە بكات یان بۆ شەو پیاوەكە هاموشوی ژنەكە بكات. دەربارەی تەماشاكردنی زەواجی مسیار لەڕووی شەرعەوە، مامۆستا عومەر ئاماژەی بەوەدا، «كە زانایانی فیقهی ئیسلامی لەڕووی شەرعەوە ئەم زەواجەیان بەدروست داناوە و، ڕێژەیەكی كەم لە زانایانی ئایینی هەڵوەستەیان هەیە دەربارەی ئەم جۆرە زەواجە و بە دروستی نازانن، بەتایبەتی لەهەندێك كاتدا هەندێك لەزانایان فتوایان داوە كەئەم زەواجە دروست نییە، چونكە زۆرجار بووە كەپیاوەكان هەوڵیان داوە لەڕێگەی ئەم جۆرە زەواجەوە كارێكی وەها بكەن كە مافی ئافرەتەكە پێشێل بكەن و پارەكەی بخۆن، بۆنموونە لەسەردەمی (ابن باز)دا فتوا درا كە لەڕووی شەرعەوە زەواجی مسیار دروست نییە، بەڵام بەشێوەیەكی گشتی زانایان تەماشای گرێبەستەكە دەكەن و بزانن چۆن گرێبەستەكە نووسراوەو تاچەند مافەكانی هەردوولا لەناو گرێبەستەكەدا پارێزراوە. لەبەر ئەوەی كە گرێبەست لە ئایینی پیرۆزی ئیسلامدا زۆر گرنگە، واتا دەبێت لە گرێبەستدا هەموو مافە گرنگەكان و بەربەرستەكان تۆماركرابێت، واتە دەبێت ئیجاب و قبوڵیش هەبێت، بە مەرجەكانی مەزهەبی شافیعیش زیاتر ئەو گرێبەستە بەهێزتر دەبێت. بوونی شایەت مەرجی دروستی گرێبەستە لەئایینی پیرۆزی ئیسلامدا. بوونی كەسێكی گەورەی (ولی) ئافرەتەكە ئەگەر كچ بێت سەرەكیترین مەرجە وەك لە فەرموودەی پێغەمبەری خودا درودی خودای لێبێت هاتووە، ئەمەبێجگە لە بوونی مارەیی، چونكە دەبێت مارەیی جێگیر كرابێت، هەندێك لە زانایان تەحەفوزیان هەیە دەربارەی ئەم جۆرە زەواجە و هەڵوەستەیان هەیە لەسەر كردنی زەواجی مسیار، چونكە لە گرێبەستی زەواجی ئاساییدا هەموو مافەكانی ئافرەتەكە باسدەكرێت بەتایبەتی یەكێك لەو مافانە كە زۆر گرنگە شوێنی نیشتەجێبوونە، بەڵام لە زەواجی مسیاردا زۆرجار هەندێك خاڵ ڕەچاو دەكرێت كەجیای دەكاتەوە لە زەواجی تر بۆنموونە مەسەلەی مارەیی پیاوەكە بەمەرج بێت كەبڵێت من مارەیی نادەم بەژنەكە لەبەر ئەمە هەڵوەستەیان هەیە دەربارەی ئەم بابەتە، لەبەرانبەریشدا زانایانی تر وەڵامیان هەیە كەدەڵێن هەموو شتەكان بەپێی ڕێككەوتن دەكرێت، واتا مادام ڕێككەوتنێك هەیە لەنێوانیاندا، ئەوا زەواجەكە دروستە و ڕێككەوتنەكە چارەسەری هەموو كێشەكان دەكات. لەبەر ئەوە دەتوانین بڵێین زەواجی مسیار لەڕووی شەرعەوە دروستە».

### پرۆسەی هاوسەرگیری بەنهێنی تەنیا بۆ ئەو كەسانە پێویستە كەحاڵەتێكی تایبەتیان هەیە

**مامۆستا عومەر دەڵێت** «بەڕای من ئەم جۆرە هاوسەرگیریە نەكەین بەیاسایەك كە بۆ هەموو كۆمەڵگە بێت، بەڵكو تەنیا بۆئەو كەسانەی كە حاڵەتێكی تایبەتیان هەیەو ناچارن ئەم هاوسەرگیریە بكەن، واتا نابێت هاوسەرگیری مسیار شوێنی هاوسەرگیری ئاسایی بگرێتەوە، بێگومان ئەمەش لەبەر چەند هۆیەك، یەكێك لەو هۆكارانە ئەوەیە كە زۆر كەس ئیستغلالی ئافرەتەكە دەكات و پارەی دەخوات و دەست بەسەر ماڵەكەیدا دەگرێت یان پیاوەكە تەنیا مەبەستی ڕابواردنە، حیكمەتەكانی زەواجی ئاسایی لەوەیە كە هاوسەرەكان بەیەكەوە بژین و لەنێوانیاندا ڕۆحی هاوبەش هەبێت بۆئەوەی تاهەتایە بەیەكەوە بژین یان زیاتریش ئەو مەوەدەو ڕەحمەیە لەزەواجی ئاسایی دروست دەبێت، هەرچەندە جاریش هەبووە لەزەواجی مسیاریشدا خۆشەویستی دروست بووە، واتا نابێت بڵێین زەواجی مسیار هەمووی سەركەوتن بەدەست ناهێنێت، واتا دەبێت ئێمە هەوڵبدەین كە زەواجی ئاسایی هەبێت، بەڵام بۆ ئەو كەسانەش كە حاڵەتێكی تایبەتیان هەیە بتوانن زەواجی مسیار بكەن، خودای گەورەش دەرگەی فراوانەو گرنگیش نییەتە نەك قسە، گرنگ ئەوەیە ڕەچاوی مەرجەكان بكرێت كە زەواجەكە لەسەری بنیاد نراوە.

## وتەبێژی فەرمی دادوەری: تائێستا هاوسەرگیری مسیار بەفەرمی یاسایی نییە لە كوردستان

زۆربەی ئەو زانایانەی كەتەحەفوزیان هەیە دەربارەی ئەم زەواجە لەوەدا كورت دەبێتەوە كە نهێنییە، پێویستە زەواج ڕابگەیەنرێت و هەموو خەڵك بیزانێت، لێرە زانایان وەڵامیان ئەوەیە كەشاهیدەكان دەكاتە نەمانی نهێنی، واتا كەمترین شێوەی ڕاگەیاندن لەم زەواجەدا ئەوەیە كە شایەت هەیە، مادام شایەت هەیە واتا اعلان كراوە، تەنێ لایەنی نهێنی ئەوەیە كە بۆ ژنی پیاوەكە بەنهێنی ماوەتەوە كەنەیزانیوە ژنی بەسەردا هێنراوە، هەرچەندە من بەڕای خۆم وا بەپێویست دەزانم و پێمباشە زەواج اعلان بكرێت لای هەموو كەس.

**مامۆستا عومەر حەسەن باس لەوەش دەكات و دەڵێت** «زەواجی مسیار لەهەر شوێنێك ئەنجامدرابێت تۆماركراوە و لای قازی گرێبەستی هاوسەری بەشێوەیەكی فەرمی لەدادگا بۆكراوە خودای گەورەش پێی باشە هەموو جۆرە شتێك بنووسرێت، بەڵام زەواجی عورفی ئەو زەواجەیە كەلەلایەن جیهەتی ڕەسمیەوە ئاگادار نییە تەنیا لەلایەن مامۆستایەك دەكرێت بەبێ بوونی یاسا، بەڵكو من پێمباشە، دەبێت زەواج لەلایەن لایەنێكی ڕەسمیەوە بكرێت بۆئەوەی ئەگەر سبەینی منداڵیان بوو كێشەیان بۆدروست نەبێت.